# گۆڕانە ڕستەسازییە دەنگییەكان ( فۆنۆسینتاكسییەكان ) لـە زمـانی كـوردیدا
# بە كەرەستەی شێوەزاری خـانەقی

د. ئومێد برزان برزو
زانكۆی گەرمیان ـ فاكەڵتی پەروەردە ـ بەشی زمانی كوردی

**ناونیشانی توێژینەوەكە :**

ناونیشانی توێژینەوەكە بۆ ( گۆڕانە فۆنۆسینتاكسییەكان لە زمـانی كوردیـدا ) تـەرخانكراوە. ئاشكرایە، بـە شـێوەیەكی گشتی توێژینەوەیەكی سەربەخۆ لەبارەی گۆڕانە فۆنۆسینتاكسییەكان لە زمانی كوردیدا بەرچاوناكەوێت، ئەگەر هەشبێت لە ژێر ناونیشانی تردا باسی لێوەكراوە، واتە دەستنیشانكردن و خستنەڕوی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی كـە لـە ئاسـتی سینتاكسدا ڕودەدەن، لە لایەكی تریشەوە بە شێوەیەكی تایبەت لێكۆڵینەوە لەبارەی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی كە لە دروسـتەی فرێـزو ڕستەی ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقیـدا هـەن، بـە ئـە نجام نەگەیـەنراون. بۆیـە بـە باشمـان زانـی ئـەم ناونیـشانە بكەینـە كەرەستەی توێژینەوەكەمان و لە ڕوی تیۆری و پراكتیكییەوە لێی بكۆڵینەوە.

**گرنگی توێژینەوەكە :**

گرنگی توێژینەوەكە خستنەڕوی ئەو گۆڕانە دەنگییانەیە، كە لە ئە نجامی ڕیزكردن و خستنەتەكیەكی وشەو مۆرفیمەكان لەناو دروستەی فرێزو ڕستەدا ڕودەدەن.

**سنوری توێژینەوەكە :**

سنوری توێژینەوەكە لە ئاستی سینتاكسدایە، واتە بە خستنەڕوی نمونەكانی دروستەی فرێزو ڕستەكان، كۆمەڵێك گۆڕانی دەنگی ڕودەدەن، بەوەش خۆیان لە چەند یاسایەكی فۆنۆلۆجیدا دەبیننەوە.

**ڕێبازو كەرەستەی توێژینەوەكە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبـازی وەسفیی شیكاری پەیڕەوكراوە، واتە بە شێوەیەكی زانستی و بابەتیانە هەوڵدراوە، كەرەستەو نمونەكانی شێوەزارەكە لە دروستەی فرێزو ڕستەدا شیبكرێنەوەو وەسفبكرێن، بە مەبەستی خستنە ڕوی گۆڕانی دیاردە دەنگەكان و لە قاڵبی یاسا فۆنۆلۆجییەكاندا دایان بڕێژین. چونكە ئەو گۆڕانانەی كە لە دەنگەكانی زماندا ڕودەدەن، دەكرێت لە ژێر سیستەمی دەنگی و یاساكانی فۆنۆلۆجیی شێوەزارەكەدا دەستنیشانبكرێن.

**بەشەكانی توێژینەوەكە :**

**توێژینەوەكە لە دو بەش پێكهاتوە:**

لە بەشی یەكەم ـ تەوەری یەكەمدا باس لە چەمكی گەشەو گۆڕانی زمان كراوە، كە هەمو ئاستەكانی زمان دەگرێتەوە. تـەوەری دووەمیش بۆ پەیوەندی و تێكچڕژانی هەردو ئاسـتی سـینتاكس و فۆنۆلـۆجی تـەرخانكراوە، كـە تیایـدا كورتەباسـێكی ئاسـتی سینتاكس و فۆنۆلۆجی كراوە، پاشان پەیوەندیی هەردو ئاستەكە خراوەتەڕو، كە لە ئە نجامی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی كـە لـە دروستە سینتاكسییەكاندا ڕودەدەن.

بەشی دووەم خستنەڕوی ئەو گۆڕانە دەنگییانە، کە لە ئەنجامی ڕیزکردن و خستنە پاڵیەکی وشەو مۆرفیمەکان لە دروستەی فرێزو ڕستەی ئەم شێوەزارەدا ڕودەدەن، کە خۆیان لە یاساکانی تێچون و پەیدابون و گۆڕینی دەنگ دەبیننەوە.

**بەشی یەکەم/ لە دو تەوەر پێکهاتوە:**

**تەوەری یەکەم/ گەشەو گۆڕانی زمان:**

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، چونکە زمان دەبێتە هۆی دروستبونی کۆمەڵ و لەیەکترگەیشتن و هەر بە هۆی زمانەوە پەیوەندی لە نێوان سەرجەم چین و توێژەکان دروستدەبێت، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵ سەرچاوەی گەیاندنی زمان و بەکارهێنانی زمانە. بۆیە زمان و کۆمەڵ کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە، تەنانەت گۆڕان و پێشکەوتنیش لە هەردو لادا ڕودەدەن(١). بەم پێیەش هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوام گەشەدەکەن و گۆڕانیان بە سەردا دێت، لە هەمان کاتیشدا زمانیش لەگەڵ بەردەوامبونی ژیاندا هەمیشە لە گەشەو گۆڕاندایە. واتە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا فراوان دەبێت(٢). هەر لەبەر ئەوەشە، زمان بونەوەرێکی زیندوەو لە سەر زاری قسەپێکەرانی دەژی، بۆیە بە پێی تێپەڕبونی کات گەشەدەکات و دەگۆڕێت، هەروەك چۆن بونەوەرێکی زیندو گەشەدەکات و دەگۆڕێت(٣). بەمەش دەکرێت، گۆڕان بە یەکێك لە تایبەتییەکانی زمان دابنرێت، چونکە بەردەوام بە پێی پێویستییەکانی کۆمەڵ لە جموجۆڵ و گۆڕاندا دەبێت(٤). ئەم گۆڕانەش لەگەڵ خودی هەڵکەوتی زماندایەو بە تاکە کەسەوە پەیوەست نییە، هەمو زمانەکانیش بە بەردەوامی دەگۆڕێن(٥).

یەکێك لەو ڕاستیانەش کەوا زمانەوانیی نوێ دەریخستوە، کە هەمو زمان و هەمو زارێك خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیانن، بۆیە جیاوازی زمانەکان لە جیاوازییەکی دیاری دروستەی وشەکان و توانای گۆڕانی ناوەکی و گۆڕانی شیکردنەوەدایە(٦). تەنانەت زمان جۆرە بونەوەرێکی زیندوی سروشتییە، کە یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیەو گۆڕانی زمانیش بە ڕوداوێکی سروشتی دەناسرێت(٧). هەروەها گۆڕانی زمانی لە کاتێکی دیاریکراودایەو، پرۆسەیەکی جیهانی و بەردەوامە(٨). دەتوانین بڵێین زمان بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان نە مردوەو نە وەستاوە، هەرچەندە لە هەندێ کاتدا بەرەو پێشچونی لەسەرخۆ دەبێت، بۆیە دەنگەکان و پێکهاتەکان، ڕەگەزە سینتاکسییەکان، شێوەی وشەکان و واتاکانیان، هەمویان ڕوبەڕوی گۆڕان و گەشە دەبنەوە، بەلام تەنها خێرایی جوڵەو گۆڕانیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تری زمان جیاوازە(٩).

گۆڕانی زمانی بە شێوەیەکی گشتی بە سەر دو جۆردا دابەشدەبێت(١٠):

١- گۆڕانی دەرەکی.
٢- گۆڕانی ناوەکی.

گۆڕانی زمانیش هەمو ئاستەکان دەگرێتەوە، کە بریتین لە:

١- گۆڕانی دەنگی.
٢- گۆڕانی ڕێزمانی.
٣- گۆڕانی فەرهەنگی.
٤- گۆڕانی واتایی.

بەم جۆرە گۆڕان لە هەمو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، بەلاَم ئاستی دەنگسازی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی) زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێدەکرێ"[11]. (گۆڕانی دەنگی)یش ئەو گۆڕانەیە، کە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات[12]. هەروەها گەشەو گۆڕانی دەنگی تایبە تمەندی زۆرە، لە گرنگترینیان[13]:

١- بە شێوەیەکی هێواش و بە پلە ڕوودەدات. جیاوازی دەنگی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی پێشتر دروستدەبێت، ئەم گۆڕانکارییانەش بەئاسانی درکی پێ ناکرێت، تەنها کەسانی پسپۆر نەبێت. بەلاَم بە شێوەیەکی ڕون دەردەکەوێت، ئەگەر بەراوردیان بە نەوەکانی سەدان ساڵ بکرێت.

٢- گەشە دەنگییەکان بە شێوەیەکی لەخۆوە ڕوودەدەن، کە لەژێر ڕکێفی مرۆڤدا نییە.

٣- ئەم دیاردانە بەخورتین (ناچارین)، چونکە دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێك یاسای توندەوە، کە هەڵبژاردەی مرۆڤ نین و، هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگریان لێ بکات، یان بیان وەستێنێت، یان بیان گۆڕێت.

٤- پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، کە کاریگەریی زۆربەی دیاردەکانی گەشەی دەنگی تایبەتە بە ژینگەو سەدەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە هیچ گۆڕانێکی دەنگیمان نییە، کە هەمو زمانەکانی مرۆڤ بە یەك شێوە توشی هاتبن.

٥- ئەگەر ئەو گۆڕانە دەنگیانە توشی دەنگێکی دیاریکراو لە ژینگەیەکدا هاتبێت، ئەوا زۆرجار کاریگەرییەکەی لە سەر هەمو ئەو وشانە دەردەکەوێت، کە ئەو دەنگەی تێدایەو لای هەمو تاکەکانیش کە ئەم ژینگەیە کۆیان دەکاتەوە.

**تەوەری دووەم/ پەیوەندیی ئاستی سینتاکس و فۆنۆلۆجی:**

سینتاکس لقێکی زانستی زمانە، کە لە ڕیزکردن و خستنە پاڵیەکی وشەو مۆرفیمەکان لە دروستەی فریزو ڕستە دەکۆڵێتەوە. واتە دەستوری لێکدان و ڕیزکردنی کەرەستەکانە بە پێی سیستەمی زمانێکی دیاریکراو[14]. ئاشکرایە، کە مۆرفیم دەبێتە دوا پێکهێنەرەکانی ڕستە، لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەی ئاسایی دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمانەکە، بەمەش مۆرفیم دەچێتە ئاستی سینتاکسەوە[15].

فۆنۆلۆجیش لقێکی تری زانستی زمانە، کە لە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە. واتە فۆنۆلۆجی لە سنوری تاکە زمانێکدا کاردەکات و لێکۆڵینەوە لە فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراودا ئەنجامدەدات، هەروەها وێنەیەکی تایبەتی دەنگەکانی ئەو زمانە پیشاندەدات. واتە دەنگەکانی زمان لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا بە فۆنیم ناودەبرێن. فۆنیمیش سێ تایبەتی هەیە، ئەمانەن[16]:

١- بچوکترین لەتی وشەیە، کە واتا نابەخشێ.

٢- ئەبێ ڕاستی سایکۆلۆژی تێدابێ، ئەبێ خاوەن زمان هەست بە بونی بکات.

٣- بە گۆڕینەوەی لەگەڵ فۆنیمێکی تردا، واتای وشە بگۆڕێ، بە مەرجێك هەمو فۆنیمەکانی تری ئەو وشەیە وەکو خۆیان بمێننەوە.

بەم پێیە فۆنیم شتێکی موجەڕەدە (مەعنەوییە) و بچوکترین دانەی ئاستی فۆنۆلۆجییە. بۆیە پێویستە لە سەر بناغەی گۆڕینی واتای وشەکان جیابکرێنەوەو باشترین پەیڕەو بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێك ئەوەیە، کە فۆنیم بە دانەیەکی جیاکەرەوە لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا دابنرێت.

لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکی زمان وەك ئاستێکی سەربەخۆ بە مەبەستی ئاسانی لێکۆڵینەوە لە یاساو کەرەستەی ئـەو ئاسـتە، لە هەمان کاتیشدا بونی لێکۆڵینەوەی پسپۆری وردە لەو ئاستەدا. بەلام زمان لە ئە نجامی بەکارهێنانیدا تێکـەڵی لـە نێـوان ئاستەکانیدا پێکدەهێنێت و دەچنە ناو یەکترەوە، واتە پەیوەندیو تێکچڕژانی نێـوان ئاسـتەکانی زمـانیش بـەهۆی کەرەسـتە زمانییەکانەوەیە، چونکە ئەم یەکانە لە نێوان ئاستەکاندا دەپەڕنەوە. بۆیە ناکرێت بە دابڕاوی لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکی زمان بکرێت، بەڵکو پێویستە پەنا بۆ ئاستەکانی تر ببردرێت، واتـە ئاسـتەکانی زمـان بـە یـەکترەوە بەسـتراون، کـە سـنوری نێوانیان بە ئاسانی لێکجیاناکرێنەوە. لە هەمان کاتیشدا لە ئە نجامی هەڵبژاردنی کەرەسـتەکان و لێکـدان و ڕیزکردنـی ئـەم کەرەستانەوە، کۆمەڵێك گۆڕان ڕوودەدەن، کە هەمو ئاسـتەکان دەگرێتـەوە. واتـە کـاتێ کەرەسـتەکانی زمـان بـەکاردەهێنرێن، کـردەی قسـەکردن پێکـدێت، لـەم کردەیـەدا پەیوەنـدی لـە نێـوان ئاسـتەکاندا پەیـدادەبێت، کـە پەیوەندییـەکی ئـاڵۆزو تێکـچڕژاوە، چـونکە کەرەسـەی جۆراوجـۆر لـە یـەکتر جیـاواز پێکـەوە کۆدەبنـەوەو لـە بـەکارهێنان و کارکردنیانـدا گـۆڕان ڕوودەدات[١٧]. بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت وەسفی بچوکترین دانەی فۆنۆلۆجی (فۆنیم) بکەین، ئەوا پێویسـتە بـچوکترین دانـەی ڕستەسـازی (مـۆرفیم)و بـچوکترین دانـەی پێکهاتـەیی (مۆرفۆفـۆنیم) لەبەرچـاو بگـرین[١٨]. چـونکە لێکۆڵینـەوە لـە ئاسـتی (مۆرفۆفۆنیم) وەك ئە نجامێك یان کاردانەوەیەك بو بۆ هەندێك لە زمانەوانەکان، بەوەی لێکۆڵینەوە ڕستەسازییەکانیان لـە بابـەتی فۆنۆلـۆجی جیـاکردەوە، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی دروسـتبونی گرفـت لـە بـەردەم پەیوەنـدیی ئاسـتی فۆنۆلـۆجی بـە ڕستەسازییەوە، بۆ زاڵبون بە سەر ئەم گرفتەشدا، ئەم ئاستە نوێیەی شیکردنەوە هاتەکایـەوە[١٩]. بەمـەش چـەندین گـۆڕانی دەنگـی وەك (لێکـچون، پەیـدابون، تێـچون، تـەبایی، جێگـۆڕکێ، دەنگگـۆڕکێ، .....هتـد) لـە وشـەو مۆرفیمـەکانی ئاسـتی وشەسازیو ڕستەسازیدا ڕوودەدەن، ئەم گۆڕانانەش بە گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن.

بەشێك لەم گۆڕانانەش لە دروستە سینتاکسییەکاندا دێنە ئاراوە، کە لە ئە نجامی ڕیزکردن و خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکان لە دروستەی فرێزو ڕستەدا ڕوودەدەن، کە بە گۆڕانە فۆنۆسینتاکسییەکان ناودەبرێن.

**بەشی دووەم/ گۆڕانە فۆنۆسینتاکسییەکان:**

گۆڕانی زمانەوانی لەناو ئاستەکاندا بەهۆی دیاریکردنی یاسا جیاوازەکانی چۆنیەتی کارکردنی کەرەستە زمانییەکانـەوە دیاریدەکرێت[٢٠]. لەوانەش ئاستی ڕستەسازی بۆ چەند ئاما نجێکە وەك هەڵبژاردنی کەرەستەکان و ڕیزکردن و ئەو گۆڕانانەی کە بە سەر ڕیزکردنەوە دێت[٢١]. بەوەی کۆمەڵێك گۆڕانی دەنگی لە ڕیزکردن و لێکـدانی مۆرفیمـەکان بـۆ دروسـتکردنی دانـەی گەورەتر ڕوودەدەن، کە گرێ و ڕستەیە[٢٢]. واتە بەشێك لە گۆڕانە دەنگییەکان لە دروسـتە سینتاکسـییەکاندا ڕوودەدەن، کـاتێ وشەو مۆرفیمەکان لە دروستەی فرێزی ڕستەدا ڕیزدەکرێن و دەخرێنە پاڵیەك، کە ئەمانەن:

**یەکەم/ تێچونی دەنگ:**

**١- تێچونی[ە]:**

ا- ڕەگـی ئـەو کردارانـەی کـە کۆتاییـان بـە دەنگـی [ە] هـاتوە، کـە نیشـانەی نادیـاری (ری)یـان دەخرێتـە سـەر لـە کـردەی بکەرنادیاردا، ئەوا دەنگی [ە] تێدەچێت، بۆ نمونە:

ئازاد ئیمە کلکرد (ئازاد ئێمەی نارد)

↓ ↓ ↓

Ø کلکە + ری + ا + یمن

(ڕەگ + م.نادیاری + م.کاتی ڕابردو + ج.لکاو)

↓ ↓

ئیمە کلکریایمن (ئێمە نێردراین)

بەهار نان خودە (بەهار نان دەخوات)

↓ ↓ ↓

Ø خوە + ری + ـە + د

(ڕەگ + م.نادیاری + م.کاتی ڕانەبردو + ج.لکاو)

↓ ↓

نان خوریەدە (نان دەخورێت)

ب- كاتێ نیشانەی ناسراوی (دگە) دەچێتە سەر ئەو فرێزە ناوییەی کە بە دەنگی [ا] کۆتایی هاتوە، ئەوا دەنگی[ە]ی سەرەتایی نیشانەکە تێدەچێت، هەروەها کە ناوەکەش دەکرێتە کۆی ناسراو، دیسان دەنگی[ە] کۆتایی نیشانەکەش تێدەچێت، بۆ نموونە:

ماموستا + دگە = ماموستاگە هات

ماموستاگە + ان = ماموستاگان هاتن

پ- سەرەی ئەو فرێزە ناوییەی کە کۆتایی بە دەنگی [ە] هاتبێت، کە دەکەوێتە نێوان پێشبەندی (لە، وە)و پاشبەندی (وە)وەوە لە دروستەی فرێزی بەندا، ئەوا دەنگی [ە]ی سەرەتای پاشبەندی (وو) تێدەچێت، بۆ نموونە:

ئیمە لە دوێکەو هاتیمنە (ئێمە لە دوێنێوە هاتوین)

نانەگە وە ماسەگەو خواردم (نانەکەم بە ماستەکەوە خوارد)

ت- مۆرفیمی (ە)ی خستنەسەر لە دروستەی فرێزی ناوی فراوانکراودا تێدەچێت، لە کاتێکدا سەرەی فرێزەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێنی [ا ، ە] هاتبێت، بۆ نموونە:

ماموستا شاترەگە دیم (مامۆستا زیرەکەکەم بینی)

تەماتە قرمزەگان شوردم (تەماتە سورەکانم شت)

٢- تێچوونی [د]:

لە گۆڕینی ڕستەی تێنە پەڕ بۆ ڕستەی تێپەڕ بە یاریدەی پاشگری ڕێزمانی (اندن)دا، بەمەش نیشانەی (د) کە نیشانەی کاتی ڕابردووە تێدەچێت، بۆ نموونە:

منالەگە خەفت (منداڵەکە خەوت) ⟵ دوێتەگە منالەگە خەفان (کچەکە منداڵەکەی خەواند)

گوشتەگە برشیا (گۆشتەکە برژا) ⟵ ئازاد گوشتەگە برژان (ئازاد گۆشتەکەی برژاند)

قوتییەگە قوپیا (قوتووەکە قوپا) ⟵ ئاراس قوتییەگە قوپان (ئاراس قوتووەکەی قوپاند)

٣- تێچونی [ر]:

ڕەگی ئەو کردارانەی کە کۆتاییان بە دەنگی [ر] یان [ڕ] هاتوە، کە نیشانەی نادیاری (ری)یان دەچێتە سەر لە کردەی بکەرنادیاردا، ئەوا دەنگی [ر]ی سەرەتای نیشانەی بکەرنادیارەکە تێدەچێت، بۆ نمونە:

پیاوەگە دارەگە بڕی (پیاوەکە دارەکەی بڕی)

↓ ↓ ↓

Ø بڕ + ری + ا + Ø

(ڕەگ + م.نادیاری + م.کاتی ڕابردو + ج.لکاو)

↓ ↓

دارەگە بڕیا (دارەکە بڕا/بڕدرا)

ئیمە پارەگە وەرگریمن (ئێمە پارەکە وەردەگرین)

↓ ↓ ↓

Ø وەرگیر + ری + ـە + د

(ڕەگ + م.نادیاری + م.کاتی ڕانەبردو + ج.لکاو)

↓ ↓

پارەگە وەرگیریەد (پارەکە وەردەگیرێت/وەردەگیردرێت)

٤- تێچونی [ی]:

یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی مۆرفیمی (ی) لە زمانی کوردیدا، ئەرکی خستنەسەر دەبینێت، بەوەی کە هەندێ لە دیارخەرەکانی پاشەوە بە سەرەی فرێزەکەوە دەبەستێتەوەو ڕیزیان دەکات، لە کاتێکدا سەرەی فرێزەکە کۆتایی بە دەنگی [ا] و [و] هاتبێت، ئەوا دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر سەرەی فرێزەکە کۆتایی بە هەر پیتێکی تر هاتبێت، ئەوا دەرناکەوێت، بۆ نمونە:

قاپییەگ تر سەندم (دەرگایەکی ترم کڕی)

دالگ منالەگان هاتەو (دایکی منداڵەکان هاتەوە)

٥- تێچونی [ئە]:

بەزۆری لەم شێوەزارەدا برگەی [ئە] لە ئامرازە نیشانەکانی تاك و كۆی نزیك لە دروستەی ڕوکەشدا دەقرتێنرێت و تێدەچێت، بۆ نمونە:

ئەیە ⟵ یە

ئەیانە ⟵ یانە

ئەیە/یە فرە خاسە. ( ئەمە زۆر باشە )

ئەیانە/یانە بسەن. ( ئەمانە بکڕە )

دووەم/ پەیدابونی دەنگ:

١- پەیدابونی [و]:

ا- ئـەو نـاوەی یـان جێنـاوەی کـە کۆتـایی بـە دەنگـی [ا ، و] هاتبێت، کـە دەکەوێتـە نێـوان پێـشبەندی ( لـە، وە، ئـەرا )و پاشبەندی (ەو )ەوە لە دروستەی فرێزی بەندda، ئەوا دەنگی [و ــ w ]ی کۆنـسونانت لـە نێـوان ناوەکـە یـان جێناوەکـەو پاشبەندەکەدا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئیمە ئەرا نواوەو ڕیکە یمن ( ئێمە بۆ پێشەوە دەڕۆین )

ئازاد وە داخ تووەو مرد ( ئازاد بە داخی تۆوە مرد )

ب- کاتێ نیشانەی ناسراوی ( ەگە ) دەچێتە سەر ئەو فرێزە ناوییەی کە بە دەنگی [و] کۆتایی هاتوە، ئەوا دەنگی [و ــ w ]ی کۆنسونانت لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

چەقووەگە تیژە ( چەقۆکە تیژە )

پەڕووەگە بدڕنن ( پەڕۆکە بدڕێنن )

پ- ئەو فرێزە ناوییانەی کە بەهۆی ئامرازەکانی نیشانەوە دەستنیشان دەکرێن، ئەگەر سەرەی فرێزەکە بە دەنگی ڤاوڵی [و] کۆتایی هاتبو، ئەوا دەنگی [و ـ w ]ی کۆنسونانت لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئەو پەڕووە بدڕنن ( ئەو پەڕۆیە بدڕێنن )

ئەی چەقووەیلە خاسن ( ئەم چەقۆیانە چاکن )

ت- لە دروستەی فرێزی ناوی فراوانکراو بە یاریدەی مۆرفیمی ( ە )ی خستنەسەردا، کاتێ سەرەی فرێزەکـە کۆتـایی بـە دەنگـی بزوێنی [و] هاتبێت، ئەوا دەنگی [و ـ w ]ی کۆنسونانت لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

چەقووە تیژەگە هاوردم ( چەقۆ تیژەکەم هێنا )

دووە سەردەگە بار ( دۆ ساردەکە بهێنە )

٢- پەیدابونی [ی]:

ا- لە دروستەی فرێزی بەندda، ئەو فرێـزەی ناوییـەی کـە کۆتـایی بـە دەنگـی ڤـاوڵی [ی ، ە] هـاتوەو دەکەوێتـە نێـوان پێشبەندی ( لە، وە )و پاشـبەندی ( ەو ، ا )ەوە، ئـەوا دەنگـی [ی ــ y ]ی کۆنـسونانت لـەنێوان سـەرەی فرێـزە ناوییەکـەو پاشبەندەکاندا پەیدادەبێت، بۆ نمونە:

ئەوان لە سلیمانییەو هاتنە ( ئەوان لە سلێمانییەوە هاتون )

نانەگە وە چاییەو خواردم ( نانەکەم بە چاوە خوارد )

کتاوەگە وە سروەیا ئەراتان کلکەم ( کتێبەکەتان بە سروەدا بۆ دەنێرم )

ئیمە لە سلیمانییا مەنیمنەو ( ئێمە لە سلێمانیداماینەوە )

ب- کاتێ کە نیشانەی (ەیل)ی کۆ یان ئامرازی نیشانە دەچێتە سەر ئەو فرێزە ناوییەی کە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی [ا ، ی ، ە] هاتبێت، ئەوا لەنێوان ناوەکەو ئامرازەکەدا دەنگی [ی ـ y ]ی کۆنسونانت پەیدادەبێت، بۆ نمونە :

ماموستایەیل هاتن ( مامۆستایان هاتن )

کورسییەیل شکیانە ( کورسییان شکاون )

تەلەبەیەیل هاتن ( خوێندکاران هاتن )

ئەو ماموستایەیلە هاتن ( ئەو مامۆستایانە هاتن )

ئەی کورسییەیلە شکیانە ( ئەم کورسییانە شکاون )

ئەی تەلەبەیەیلە شاترن ( ئەم خوێندکارانە زیرەکن )

ئەو قسەیەیلە ئەرایان نەکە ( ئەو قسانەیان بۆ مەکە )

پ- هەروەها سەرەی ئەو فرێزە ناوییەی کە بە نیشانەی ناسراوی (ەگە) دەکرێتە ناوێکی تاکی ناسراو، ئەگەر کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی [ی] هاتبێت، ئەوا لە نێوان ناوەکەو نیشانەکەدا دەنگی [ی ـ y ]ی کۆنسونانت پەیدادەبێت، بۆ نمونە :

ڤاپییەگە بکەرەو ( دەرگاکە بکەرەوە )

ماسییەگە تازەس ( ماسییەکە تازەیە )

ت- لە دروستەی فرێزی ناویی فراوانکراو بە یاریدەی نیشانەی (ە)ی خستنەسەردا، ئەگەر سەرەی فرێزەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی [ی] هاتبێت، ئەوا دەنگی [ی]ی کۆنسونانت پەیدادەبێت، بۆ نمونە :

شامییە گەوراگە وە چەن سەندید؟ ( شوتییە گەورەکەت بە چەند کڕی؟ )

ئەوان ڤالییە چەرمگەگە بردن ( ئەوان فەرشە سپییەکەیان برد )

ج- کاتێ فرێزی بەند بە یاریدەی پێشبەندی (وە) لە دروستەی قوڵەوە دەگوێزێتەوە بۆ دروستەی ڕوکەش و گۆڕینی پێشبەندی (وە) بۆ جێگرەپێشبەندی (ە)، ئەوا دەنگی [ی]ی کۆنسونانت لە نێوان کرداری (بی)ی بونی گۆڕان بۆ ڕابردو و جێگرەپێشبەندی (ە)دا پەیدادەبێت، بۆ نمونە :

ئازاد بی وە موهەندس

↓

ئازاد بییە موهەندس

٣- پەیدابونی [س] :

ا- ئەو کردارە داڕێژراوانەی کە پاشگری دوبارەکردنەوەی (ەو)یان چووەتە سەر وەك (کردنەو، بردنەو، خواردنەو، هاتنەو، چینەو، .....)، لە کرداری ڕابردوی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا دو دەنگی ڤاوڵی [ە] دەکەونە پاڵ یەك، بۆیە دەنگی [س] لە نێوان نیشانەی ڕابردوی تەواو و (ە)ی پاشگری (ەو)دا دەردەکەوێت[٢٣]. بۆ نمونە :

ئەوان لە سلیمانییەو هاتنەسەو ( ئەوان لە سلێمانییەوە هاتونەتەوە )

منداڵەگان چینەسەو ئەرا ماڵ خوەیان ( منداڵەکان چونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان )

ب- دەنگی [س] لە نێوان (ە)ی نیشانەی ڕابردوی تەواو و (ە)ی جێگرەپێشبەند لە کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵیدا دەردەکەوێت، بەمەش ناو یان جێناوی کەسی یان ئاوەڵکرداری شوێنی وەك فریزێکی بەند دەکەوێتە کۆتایی کردارەکەوە[٢٤]. بۆ نمونە:

ئەوان بینەسە ماموسا (ئەوان بونەتە مامۆستا)

داڵگم چییەسە بازاڕ (دایکم چووەتە بازاڕ)

٤- پەیدابونی [ە]:

کاتێ فریزی بەرکاری لە دروستەی ڕوکەشی کردارە بنەڕەتییەکاندا بە جێناوێکی لکاو جێگیردەکرێت، ئەوا جێناوە لکاوەکە بۆ کۆتایی کردارەکە دەگوێزرێتەوە، بەمەش دەنگی [ە] لە نێوان هەردو جێناوی لکاوی بکەری و بەرکارییەکەدا دەردەکەوێت، ئەمەش تەنها بۆ ئاسانی گۆکردنە. بۆ نمونە:




٥- پەیدابونی [ڕ]:

لە کردارە داڕێژراوەکانی وەك (کردنەو، خواردنەو، چینەو، بردنەو....هتد) لە ڕێژەی کرداری فەرمانی تاکدا کە دو ڤاوڵ دەکەونە پاڵ یەك، ئەوا دەنگی [ڕ] لە نێوان دو ڤاوڵەکەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

مناڵەگەتان بوەڕەو (مندالەکەتان ببەرەوە)

ڤاپییەگە بکەڕەو (دەرگاکە بکەرەوە)

بچوڕەو ئەرا ماڵ (بڕۆرەوە بۆ ماڵ)

سێیەم/ گۆڕینی دەنگ:

گۆڕینی [ب] بۆ [و]:

١- لەو ڕستانەی کە لە ئەرێوە دەکرێن بۆ نەرێ بە یاریدەی مۆرفیمەکانی (نە ، نێ)، کاتێ کە ئەم مۆرفیمانە دەچنە پێش ڕەگی کرداری ئەو ڕستانەی کە بە دەنگی [ب] دەست پێدەکەن، وەك (بردن، بین، برشیان، بریان، برین، بەسیان،....) لە ڕابردوی هەواڵی و دانانی یان ڕانەبردوی هەواڵی و دانانی یان کرداری ناتەواو بۆ کاتی ڕابردو و داهاتودا، ئەوا دەنگی[ب]ی سەرەتای ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ [و]، بۆ نمونە:

ئەوان پارەگە بردن (ئەوان پارەکەیان برد) ⟵ ئەوان پارەگە نەوردن (ئەوان پارەکەیان نەبرد)

ئەوان پارەگە بەن (ئەوان پارەکە دەبەن) ⟵ ئەوان پارەگە نێوەن (ئەوان پارەکە نابەن)

ئەوان شەكەت بین ( ئەوان ماندوبون ) ←——— ئەوان شەكەت نەوین ( ئەوان ماندونەبون )

قاپیەگە بەسیاس ( دەرگاكە بەستراوە ) ←——— قاپیەگە نەوەسیاس ( دەرگاكە نەبەستراوە )

ب- لەو ڕستانەی كە لە ڕێژەی فەرماندان و ڕەگی كردارەكانیان بە دەنگی [بـ] دەستی پێكردوە، وەك ( بردن، برشانن، بڕین،....تاد )، كاتێ ئەسپێكتی ( بـ )ی ڕێژەی فەرمانیان دەچێتە سەر، ئەوا دەنگی [ب]ی سەرەتای ڕەگی كردارەكە دەگۆڕێت بۆ دەنگی [و]، بۆ نمونە :

تو دەفتەرەگە بوە [بـ + بە + ]ø ( تۆ دەفتەرەكە ببە )

ئیوە گوشتەگە بورشنن [ب + برشن + ن]( ئێوە گۆشتەكە ببرژێنن )

**ئەنجامەكان :**

١- گۆڕانە فۆنۆسینتاكسییەكان ئەو گۆڕانە دەنگییانەن، كە لە ئەنجامی ڕیزكردن و خستنەتەكیەكی وشەو مۆرفیمەكان لە دروستەی فرێزو ڕستەدا ڕوودەدەن، بەمەش تێكەڵی و تێكچڕژانی نێوان ئاستی ڕستەسازی و فۆنۆلۆجی دەنوێت.

٢- ئەو گۆڕانە دەنگییانەی كـە لـە دروسـتە سینتاكسییەكانی ئـەم شێوەزارەدا ڕوودەدەن، بـریتین لـە : تێـچونی دەنـگ، پەیدابونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ.

٣- لە ئەنجامی خستنە پاڵیەك و ڕیزكردنی وشەو مۆرفیمەكاندا، چەند دەنگێكی وەك ڤاوڵی [ە ، ی] یـان كۆنـسونانتی [د ، ر] یان بڕگەی [ئە] تێدەچن.

٤- كاتێ وشەو مۆرفیمەكان دەكەونە پاڵیەك، هەندێك جار ناچـنە سـەر یـەك بـەهۆی پێكـەوەهاتنی دو ڤـاوڵ یـان دو كۆنـسونانتەوە، بەمـەش چـەند دەنگێكـی وەك [و ـ w ] ، [ی ـ y ] ، [س] ، [ە] ، [ر] وەك نـاوبڕ لـە نێوانیانـدا پەیدادەبن.

٥- كرداری ئەو ڕستانەی كە بە دەنگی [بـ] دەست پێدەكەن، كاتێ لە ئـەرێوە دەكـرێن بـە نـەرێ، یـان دەخرێنـە ڕێـژەی فەرماندانەوە، ئەوا دەنگی [ب] بۆ [و] دەگۆڕێت.

**پەراوێزەكان :**

١- د. نايف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ص ( ٢٠٧ ).

٢- ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان، ل ( ٢٣ ).

٣- د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، ص ( ١٤٨ ).

٤- ر.هـ.روبنز، الموجز في تاريخ علم اللغة، ت/ احمد عوض، عالم المعرفة ـ الكويت، ١٩٩٧، ص ( ٢٥٣ ) لة [ئازاد عـةزيز سليَمان، ملمالنيَى زمان، ل ( ٢٣ )] وةرطيراوة.

5- Jean Aitchison, Linguistics, P (151).

٦- د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، ص ( ٦٠ ).

٧- انجليكا لينكه وأخرون، دراسات في علم اللغة، ص ( ٤٣٨ ).

8- David crystal, An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, p (216).

٩- أولمان، دور الكلمة في اللغة، ص ( ١٥٦ ).

10- www.jilaniwarsi.tripod.com

١١- د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، ل ( ١١٥ ).

12- David crystal, An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, p (360).

١٣- د. على عبدالواحد وافى، علم اللغه، ص ( ٢٨٥-٢٨٧ ).

١٤- پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانكاری و گوێزانەوە، ل ( ٢٣ ).

١٥- کەوسەر عزیز، بیردۆزی مۆرفیم، ل (١١٢).
١٦- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، ل (٤١).
١٧- د. ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ل (١٤).
١٨- د. احمد مختار عمر، دراسه الصوت اللغوی، ص (٧١).
١٩- نفس المصدر، ص (٧٠).
٢٠- د. رەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ل (١٥) .
٢١- پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانکاریو گوێزانەوە، ل (٢٣).
٢٢- پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، ل (١٣٧).
٢٣- د. ئومێد برزان برزو، مۆرفۆفۆنیمی (س) لە شێوەزاری خانەقیدا، ل (٥١).
٢٤- سەرچاوەی پێشو، ل (٥٢).

## سەرچاوەکان:


١- ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٤.
٢- د. ئومێد برزان برزو، مۆرفۆفۆنیمی (س) لە شێوەزاری خانەقیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٠)، ٢٠١١.
٣- کەوسەر عزیز، بیردۆزی مۆرفیم، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.
٤- د. ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠١١.
٥- پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانکاریو گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٦- پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٧- د. محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠.
٨- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، ١٩٨٤.
٩- د. احمد مختار عمر، دراسه الصوت اللغوی، القاهره ـ مصر، ١٩٩٧.
١٠- أولمان، دور الکلمه فی اللغه، ت/ د.کمال بشر، القاهره، ١٩٦٢.
١١- انجلیکا لینکه وأخرون، دراسات فی علم اللغه، ترجمه: أ.د. سعید حسن بحیری، الگبعه الاولی، مکتبه زهراو الشرق، القاهره، ٢٠١٠.
١٢- د. حاتم صالح الچامن، علم اللغه، بغداد، ١٩٨٩.
١٣- د. علی عبدالواحد وافی، علم اللغه، مصر، ٢٠٠٤.
١٤- د. نایف خرما، أچواو علی الدراسات اللغویه المعاصره، الکویت، ١٩٧٨.
15- Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford.
16- Jean Aitchison (1999), Linguistics, Fifth edition, Londan - UK.
17- www.jilaniwarsi.tripod.com.

## الخلاصـة

عنوان البحث هو (التغييرات النحوية الصوتية في اللغة الكوردية ) والذي من خلاله تحدثنا عن تطور اللغة وتغيرها، ومن ثم تم الحديث عن العلاقة والتقاء المستويين النحوي والصوتي. وذلك من خلال تحديد وعرض التغييرات الصوتية التي تحدث في المستوى النحوي. وبخاصة تلك التغييرات الصوتية في بنية التراكيب والجمل في لهجة خانقين.

وفي نهاية البحث إزدان البحث بأهم ما تم التوصل إليه من نتائج مع قائمة بمصادر البحث ومراجعه.

## Abstract

The paper is entitled "***Phonosyntacsis changes in the Kurdish Language*** ". Where the growth and the changes in language are explained. Then, there is the discussion of the relationship overlapring between the syntax and Phonoloy levels that result from assigning and explaining those phonological changes that happen at the syntax level, especially those that occur in phrases and statements.

At the end, the most important conclusions are put forward with a list of the references.